زیاتر لە بیست هەزار گرێبەستی هاوسەرگیری لە مانگی ئابردوودا لە عێراق تۆمارکراون

ئینجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق ئاماری هاوسەرگیری و جیابوونەوەی بە مانگی حوزەیران/شەشی 2024 بڵاوکردەوە و بڕپێی ئامارەکە لەو ماوەیدا زیاتر لە 23 هەزار پێسەی هاوسەرگیری تۆمارکراون.

لە راگەیەندراوەکدا ئینجومەنی باڵای دادوەریی عێراق ئاماژەی بۆکردووە، کە ژمارەی گرێبەستەکانی هاوسەرگیری لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا بە گرێبەستەکانی دەرەوەی دادگاکانیشەوە گەیشتە 23 هەزار و 324 گرێبەست، لەو ژمارەیش زۆرترینیان لە سەرکایەتیی دادگای تەهەچوونەوەی رەسافە لە بەغداد تۆماکراون کە سێ هەزار و 976 گرێبەست بووە.